# عێراق و هەرێمی کوردستان لە گێژەڵووکەی پاش کوشتنی نەسروڵڵادا

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

## دەسپێك

کوشتنی ئەمینداری گشتیی حزبوڵڵا"، حەسەن نەسروڵڵا"، پاش 32 ساڵ لە ڕێبەرایەتیکردنی بەهێزترین هێزی شیعەی تەواوکەری "شۆڕشی ئیسلامیی ئێران" لە لوبنان لەلایەن سوپای ئیسرائیلەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەی خستۆتە بەردەم چەندان ئەگەر و پێشهات، بەتایبەت پاش هێرشە مووشەکییەکانی تاران بۆ سەر قووڵایی ئیسرائیل لە وەڵامی کوشتنەکەدا.

ئەم شرۆڤەیە هەوڵ دەدات لەبارەی پێگەی "حزبوڵڵا" و ئەگەر و پێشهاتەکانی پاش ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ناوچەکە و لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان هەڵوێستە بکات.

### پاشخان و پێگەی حزبوڵڵا

بەردی بناغەی "موقاوەمەی ئیسلامی لە لوبنان" ناسراو بە "حزبوڵڵا"، لە ساڵی 1982 لەلایەن "سوپای پاسداران"ی ئێرانییەوە دانراوە. ئەم هێزە کە لە لیستی تیرۆری ئەمریکا و ژمارەیەك وڵاتی دیکەی ڕۆژاواییدایە، "بەهێزترین گرووپی سیاسی و چەکداریی لوبنانە"، کە بەردەوام لە ململانێدایە لەگەڵ ئیسرائیل[1].

"حزبوڵڵا" ساڵانە دەوروبەری ملیارێك دۆلار بوودجە لە ئێران وەردەگرێت؛ جگە لەوەیش پشت بە پارەی کۆکراوەی "خومس"ی شیعەکان و داهاتی کۆمپانیا و چالاکییە ئابوورییەکانی خۆی دەبەستێت. لە پەیکەری حزبەکەیشدا ڕێبەری شۆڕشی ئێرانی "عەلی خامنەیی" لە سەروو هەرەمەکەیەوەیە، بەڵام سەرباری ئەمانەیش وەك هێزێکی پراگماتی بەشداریی هەڵبژاردن و پرۆسەی سیاسیی لوبنانی دەکات و لە حکوومەت و پەرلەمانی ئەو وڵاتە فرەچەشنەدا بەشدارە کە بەفەرمی و لە ڕووی تیۆرییەوە سیستەمێکی "کۆماری-دیموکراسی- پەرلەمانی"یە[2]؛ هەروەها لە چەند پێکهاتەیەکی جیا پێك دێت کە سوننە و مەسیحی و شیعەن و بەر لە زاڵبوونی تەواوەتیی حزبوڵڵا، داکۆکییان لە "سازان" دەکرد.

"حزبوڵڵا" لە مێژووی 42 ساڵەی خۆیدا سێ ئەمینداری گشتیی هەبووە، کە درێژترین ماوەیان هی "حەسەن نەسروڵڵا"یە. ناوبراو کە سێ ساڵ خوێندکاری حەوزەی ئایینیی نەجەف بووە و لەسەر دەستی "محەمەد باقر سەدر" مێزەری لەسەر ناوە[3]، لە پاش تیرۆرکردنی ئەمینداری پێشووی "حزبوڵڵا" "عەباس مووسەوی" لەلایەن ئیسرائیلەوە (1992)، لە تەمەنی 32 ساڵیدا بە کۆی دەنگی ئەنجومەنی شووورای حزب، بووەتە ئەمینداری گشتی تا ڕۆژی کوشتنی بە مووشەکی قورس لەنێو پەناگەیەکی ژێرزەمینیی باشووری

بەیرووتدا (27ی سێبتەمبەری 2024)[4].

هەرچەندە لە لوبناندا هێزی تری شیعە هەن (بزووتنەوەی ئەمەل بە نموونە)، بەڵام لە دوو دەیەی ڕابردوودا و دوای ناچارکردنی سوپای ئیسرائیل بە کشانەوە لە باشووری لوبنان (2000)، "حزبوڵڵا" لە پەنا کایەی چەکداریدا، کۆنترۆڵی شانۆی سیاسیی لوبنانیشی کردووە و خۆی بە خاوەن "سەروەریی سەرکەوتن" دەزانێت. لە 2006دا پاش ڕفاندنی دوو سەرباز، بۆ ماوەی پێنج هەفتە بەرەنگاری هێرشێکی یەك مانگەی ئیسرائیل بووەوە (جەنگی تەممووز)[5]. دوایی کۆتاییهاتنی جەنگەکەش، سەرباری قورسیی زیانەکان؛ 1200 کوژراوی لوبنانی بەرامبەر 158 کەسی ئیسرائیلی، ئەمە جگە لە وێرانبوونی ژێرخانی ئابووریی لوبنان، "حزبوڵڵا" [6]، خۆی بە براوە لەقەڵەم دا و ئاهەنگی سەرکەوتنی گێڕا.

جگە لە باڵی سەربازی (ئەنجومەنی جیهادی)، "حزبوڵڵا" باڵی سیاسی و بەشی حکوومەت و بەشی پەرلەمانیشی هەیە. جگە لەوانەیش چەندان دەزگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە بوارەکانی تەندروستی، کشتوکاڵ، بیناسازی و ئەندازیاری بەڕێوە دەبات، کە لە کاری خێرخوازی و هاوکاریکردنی هەژاراندا چالاکن و بنەمای سەرمایەی کۆمەڵایەتیی حزبەکەن[7]؛ بەهۆی ئەوەیشی لە باشووری لوبناندا "حزبوڵڵا" ئاسایش و کۆمپانیای پەیوەندیکردن و سیستەمی بەڕێوەبردنی تایبەت بە خۆی هەیە، زیاتر وەك "دەوڵەتۆکەیەك" دەبینرێت لەنێو دەوڵەتدا.

لە دەرەوەی لوبنان "حزبوڵڵا" سەرەڕم بوو لە بەرەنگاربوونەوەی بەرهەڵستکارانی ڕژێمی بەعس لە سووریا لە پاش 2012 [8]، هەروەها چاوساغیی حووسییە شیعەکانی یەمەن دەکات دژی سعوودیا و ئیمارات؛ ئەمەیش وای کردووە پێگە هەرێمایەتییەکەی لە قەبارە لوبنانییەکەی گەورەتر بێت. حزبەکەیش خۆی بە "قەوارەیەکی ئیسلامیی شیعیی سنووربڕ" پێناسە دەکات و قەتیسبوون بە سنووری نیشتمانیی لوبنانەوە ڕەت دەکاتەوە. ئەوەیش ناشارێتەوە کە "سەرکردایەتی و ئاراستەکردن و بڕیارەکانی جەنگ و ئاشتیی حزب بەدەست وەلیی فەقیهەوەن"[9]، کە لە ئێستادا عەلی خامنەیی، ڕێبەری شۆڕشی ئێرانییە. بەو پێیەیشی ئەم حزبە و ئەمیندارەکەی، ڕێکخراوترین و ناسراوترین بریکاری ئێرانی بوون لە دنیای عەرەبی و لە ڕۆخی دەریای سپیی ناوەڕاست کە سنووری هاوبەشی لەگەڵ ئیسرائیل و یەکێتیی ئەورووپا هەیە، هەمیشە لێدوان و دەرکەوتنەکانی ئەمیندارەکەی لە میدیا و ئاژانس و ناوەندە سیاسییەکانی دنیادا گرنگ بووە.

**لێکەوتەکانی کوشتنی نەسروڵڵا**

زۆر بۆچوون لەسەر ئەوەن کە بارودۆخی پاش کوشتنی "حەسەن نەسروڵڵا" هاوشێوەی بارودۆخی پێش ئەوە نابێت لە لوبنان و ناوچەکەدا. ئەمەیش بەراورد بە کاریگەریی کوشتنی جەنەراڵ "قاسم سولەیمانی" بۆچوونێکی ڕێتێچووە، بەتایبەت کە دەگوترێت "نەسروڵڵا" لە کاروانی 32 ساڵەی ڕێبەرایەتیدا خاوەن سیفەتەکانی کاریزما، توانای سەرکردایەتی، هەڵوێست، دیدگە و کاریگەری بووە[10]، هەروەها وتاربێژێکی خاوەن متمانەی زمانپاراو بووە. لەم سۆنگەیشەوە بە لەدەستچوونی، زیانێکی زۆر گەورە بە هاوپەیمانەکانی لە "بەرەی موقاوەمە" کەوتووە، چونکە وەك "سەرەڕمی بەرەنگاری" و "نقێمی تاجی بەرگریکردن" و "سید المقاومة" هێمای بۆ دەکرا[11]. لای خۆیشییەوە ئیسرائیل پرۆسەی کوشتنی "نەسروڵڵا"ی بە "سیستەمی نوێ" ناوزەد کرد[12]. مەبەستی لەمەیش قڵپکردنەوەی هاوکێشەکە و گۆڕینییەتی لە ناوچەکە و لەسەر سنوورەکانی بە کوشتنی کەسی یەکەمی "حزبوڵڵا" کە نزیکەی ساڵێکە بۆ پاڵپشتیی حەماس لە کەرتی

غەززە لە جەنگی سنوورداردایە لەگەڵ ئیسرائیل و ئاسایشی باکووری ئەو وڵاتەی خستۆتە مەترسی، تێگەیشتنی دنیای شیعەیش لە قەبارەی ئەم زیانە وای کرد، پرسە و ماتەمی "نەسروڵڵا" شان بە شانی شەقامی شیعەی ئێران، لە زۆر جێگەی دیکەی دنیادا گەرم بێت؛ لەوانەیش حەرەمەکانی "حسێن" و "عەباس" لە کەربەلا و لە پارێزگا شیعەکانی عێراق، لەنێو شیعەکانی سووریا و ئێران و پاکستان و هیندستان و ئوسترالیادا چالاکی و پرسەی بۆ ڕێك خرا، هەروەها لە فەلەستین و مەغریبی عەرەبی کە سوننەن، گردبوونەوەی بۆ کرا[13]. لەبارەی قەبارەی ڕووداوەکەیشەوە عەلی خامنەیی، ڕابەری باڵای شۆڕشی ئێرانی، لە پێشوازیی دەستەبژێرێکی ئێرانیدا وتی: "ئەو ڕووداوەی ڕووی دا شتێکی کەم نەبوو. لەدەستدانی نەسروڵڵا ڕووداوێکی ئاسان نییە؛ بەکرداری خستینییە دۆخی پرسەیەکی ئازاربەخشەوە.[14]"

قەیرانی "حزبوڵڵا" و بەرەی ئێرانی تەنیا لە کوژرانی ئەمیندار و ڕێبەرە 32 ساڵەکەیدا نییە، بەڵکە ئەم حزبە لە تەقینەوەی ئامێرەکانی بێتەڵدا (پەیجەر) 37 کوژراو و نزیکەی سێ هەزار بریندار هەبووە؛ پێکرانەکانیش بە شێوەیەکی گشتی لە چاو و دەست و پەنجەکاندا بوون و ژمارەیەکیان کەمئەندام و نابینا بوون[15]. هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا لە سەروبەندی کوژرانی "نەسرڕوڵڵا"دا ژمارەیەك سەرکردەی تری سیاسی و سەربازیی حزبەکە کرانە ئامانج و کوژران، لەوانەیش: نەبیل قاووق، جێگری ئەنجومەنی جێبەجێکردن، عەلی کرکی، بەرپرسی مەیدانیی بەرەی باشووری لوبنان، ئیبراهیم قەیسی، سەرکردەی سەربازیی دیار، محەمەد سروور، ڕاوێژکاری حووسییەکان و شارەزا لە ماتماتیك؛ ئەمە جگە لە تیمی تایبەت و هاوڕێی "نەسروڵڵا" کە بە 20 کەس مەزەندە دەکرێن و هەر یەك لەوانە بەرپرسی دۆسیەیەك بووە لە "حزبوڵڵا"دا[16]. بەر لەوەیش ئیسرائیل زۆربەی فەرماندەکانی "هێزی ڕیزوانی حزبەکەی کوشت کە هێزی خێرای لێدەر و ئامادەی باڵە سەربازییەکەی بوون و لە ناوخۆی لوبنان و ئێران مەشقیان وەرگرتووە[17].

قەبارەی زیانەکانی ئەم دواییەی "حزبوڵڵا" زۆر گەورە و بێپێشینەن، بەڵام باوەڕێك هەیە بەهۆی ئەوەی ئەم حزبە هێزێکی عەقیدەیییە و بۆ هەر فەرماندەیەك جێگرەوەی یەکەم و دووەمی هەیە، بتوانێت بەردەوام بێت. ئەگەرچی لە مەودای کورت و مامناوەندا توانا سەربازییەکانی سست دەبن پەکیان دەکەوێت و ئەگەر زۆرە زیانی زیاتری بەربکەوێت، بەتایبەت کە هێرشی زەمینیی ئیسرائیلی لەسەرە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هێزێکی سیاسی- کۆمەڵایەتی- مەزهەبییە، زیاتر لە چوار دەیەیە کە بە شێوەی دەزگەیی لەنێو کۆمەڵگەی شیعیدا کار دەکات؛ بە ئاشتی و بەتۆپزی نموونە و سیستەمی خۆی چەسپاندووە و وەك بیرۆکە لەناو ناچێت، بەتایبەت کە هەموو ڕێگەکانی ژیانی ژێردەستەکانی و خەڵکی باشووری لوبنان لە ئێستادا، هەر دەچنەوە سەر دەزگەکان و تۆڕەکەی "حزبوڵڵا".

### لێکەوتەکانی کوژرانی نەسروڵڵا لەسەر عێراق

دوای ئێران کە بۆ تۆڵەکردنەوەی "نەسروڵڵا" هێرشی مووشەکیی کردە سەر ئیسرائیل (1ی ئۆکتۆبەری 2024)، وڵاتی عێراق هاوشێوەی یەمەن و سووریا لە هەرە پەیوەندیدارترین وڵاتانی ناوچەکەیە بە گێژاوی پاش کوشتنی ئەمینداری حزبوڵڵا. هەر لەم سۆنگەیشەوە سوپاکەی کەوتووەتە حاڵەتی ئامادەباشیی "پلە ج"؛ لە کاتێکدا نیمچە دڵنیاییەك هەیە کە عێراق توانای بەرەنگاربوونەوەی دۆخەکەی نییە. هەموو ئەو توانا سەربازی و ئەمنییانەیشی کە هەیەتی، تەنیا بەشی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی خۆی دەکات[18]. لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێدراوانەیشی لەبەردەستدان، دەکرێت دۆخی عێراق لە گێژاوی سیاسی و ئەمنیی پاش

کوشتنی نەسروڵڵادا لەم چەند تەوەرەیەدا بخرێتە ڕوو:

_ لە حاڵەتی درێژەکێشانی جەنگەکەی ئێستا یان پەرچەکرداری توندی ئیسرائیل دژی هێرشەکەی ئێران، دەسەڵاتدارانی تاران هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمز و تێکشکاندنی بارهەڵگرەکانی نەوت دەکەن هاوشێوەی ساڵانی هەشتاکان و جەنگی یەکەمی کەنداو. ئەم پێشهاتە گریمانکراوەیش کارەساتی ئابووری بۆ عێراق دروست دەکات، چونکە تاقە دەروازەی هەناردەکردنی نەوتەکەی لە ڕێگەی کەنداوەوەیە و لە ئێستادا هەناردەی تورکیای وەستاوە؛ هێڵەکانی بانیاسی سووریا و دەریای سووری سعوودیاش وێران بوون[19]. بە هەمان شێوەیش ئەگەری بەئامانجگرتنی دامەزراوە نەوتییەکانی عێراق لەلایەن ئیسرائیلەوە کە ناوبەناو باسی هەیە، هاوشێوەی بەندەری "حودەیدەی" یەمەن، هەمان دەرەنجامی خراپی لەسەر باری دارایی عێراق دەبێت.

_ بۆشایی "نەسروڵڵا" و پەککەوتنی وێستگەی لوبنان لە جەنگی دژەئیسرائیلدا؛ دەرگە دەکاتەوە بۆ ئەگەرێک کە عێراق بچێتە پاڵ یەمەن بۆ دەستباری "بەرەی موقاوەمە" و "پشتیوانیکردن لە غەززە"؛ لای خۆیشییانەوە ئیسرائیلییەکان چاودێری ئەم ئەگەرە دەکەن[20]. لێکەوتەی ئەم ئەگەرەیش ئاڵۆز و جۆراوجۆرە ئەگەر ببێتە ڕاستی، بەتایبەت کە عێراق سەرباری هەژموونی زۆری گرووپە شیعە وەلائییەکان، بەرژەوەندی و پەیوەندیی گرێدراوی زۆریشی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژاوادا هەیە.

_ کوشتنی "نەسروڵڵا" تەنگژەیەکی گەورەی بۆ ئێرانی مەڵبەند و پایتەختی "بەرەی موقاوەمە" دروست کردووە، چونکە پڕکردنەوەی بۆشاییەکەی و ژیاندنەوەی "حزبوڵڵا" پاش زیانە زۆرەکان، توانا و دارایی زۆری پێویستە؛ ئەمە لە کاتێکدا کە ئێران خۆی لە قەیرانی دارایی و لەژێر گەمارۆی وڵاتانی ڕۆژاوادایە. بەهۆی ئەوەیشی ئێران لە هیچ بارێکدا ناتوانێت دەستبەرداری "حزبوڵڵا" ببێت[21]، بە ئەگەری زۆر هەوڵ دەدات بۆ ئەو مەبەستە سوود لە عێراق وەربگرێت، بەتایبەت کە بۆ گەیشتن بە "حزبوڵڵا" تەنیا ڕێگەی فریاگوزاریی وشکانی، بە عێراق و پاشان سووریادا گوزەر دەکات.

_ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل "نەتانیاهۆ" چەند خولەکێك بەر لەوەی فەرمانی کوشتنی "نەسروڵڵا" بدات، نەخشەیەکی لە بارەگای "کۆمەڵەی گشتی"ی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز کردەوە کە عێراقی لە ڕیزی "وڵاتانی نەفرەت" پۆلێن کردووە[22]. ئەمەیش دەشێت وەك ڕاگەیاندنی فەرمیی دوژمنایەتی لێك بدرێتەوە کە ئەگەری هەیە لە داهاتوودا پەرە بسەنێت بۆ بەئامانجگرتن یان شەڕفرۆشتن بە عێراق، ئەگەرچی بە شێوەی ئەلیکترۆنی و سایبەری بێت.

_ زانیارییەکی دەستاودەستپێکراو لەنێو هێزە شیعەکانی "چوارچێوەی هەماهەنگی"دا هەیە، کە ئیسرائیل 35 ئامانجی دیاری کردووە لەنێو عێراق بۆ بەئامانجگرتنی هاوشێوەی هێرشی سەر حووسییەکانی یەمەن؛ هەندێك لەو ئامانجانەیشی دیاری کراون، سەرکردەی گرووپە شیعەکانن. ئەمەیش بەپێی زانیارییە دزەپێکراوەکان، سوودانیی هان داوە کە سێ سەرکردەی شیعە ڕابسپێرێت (کە یەکێکیان "عەممار حەکیم"ە) بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هێز و گرووپە شیعەکان تا خۆیان بەدوور بگرن لە گرژترکردنی بارودۆخی ناوچەکە و هۆشداریی پێ داون لەبارەی هەستیاریی بارودۆخ و مەترسییەکانی تێوەگلان لە گرژییەکانی پەیوەست بە لوبنان[23]. هەندێك زانیاری باس لەوە دەکەن ئەمریکا بە عێراقی ڕاگەیاندووە، ڕێگر نابێت لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر گرووپەکان ئەگەر ئەوان ببنە بەشێك لە بارگرژییەکان[24].

_ هەندێك میدیای ئەمریکی ئەوەیان پشتڕاست کردووەتەوە کە هەزاران چەکداری شیعە لە عێراقەوە گەیشتوونەتە سنوورەکانی سووریا و لوبنان بۆ پاڵپشتیکردنی هێزە شیعەکان[25]. ئەمەیش زیاتر هانی ئیسرائیل دەدات بۆ کردنەوەی بەرەیەکی جەنگ لە عێراق لە کات و ساتی گونجاودا، بەتایبەت کە وتەبێژی سوپای ئیسرائیل، ڕای گەیاندووە وڵاتەکەی لەنزیکەوە چاودێریی ئەو مەترسییانە دەکات لە عێراقەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە و زانیاری لەبارەیەوە کۆ دەکاتەوە و لەمەیش گرنگتر دەڵێت: “ئەوەی پێویست بێت دەیکات[26].” زانیارییە دزەپێکراوەکانیش باس لەوە دەکەن پاش کوژرانی “نەسروڵڵا”، بەکردەیی عێراق نزیك بۆتەوە لەوەی بکەوێتە بەر هێرشی ئیسرائیلییەکان و بە هەوڵی ئەملاولا بە شێوەی کاتی ڕاگیراوە[27].

_ عێراق لە ئێستادا بەشێنەیی بووەتە بەرەی پشتیوانیی حزبوڵڵا لە لوبنان؛ لەم بەینەیشدا جگە لە بەردەوامیی گەیاندنی هاوکاری، پێشوازیی لە پێنج هەزار ئاوارە و بریندار لوبنانی کردووە لە ڕێگەی فڕۆکەخانەکانی بەغدا و نەجەف و ڕێگەی وشکانیی سووریا[28]. ڕاوێژکارێکی سەرۆکوەزیرانیش “عەبدولئەمیر تعێبان” پێشنیارێکی ئاشکرا کرد بۆ ناشتنی “حەسەن نەسروڵڵا” لە کەربەلا.[29] لەسەر ئاستی فەرمییش جگە لە پاڵپشتیی سیاسی و مرۆیی، هانی پاڵپشتیی میدیاییی لوبنانیش دەدرێت کە مەبەست لێی “حزبوڵڵا”یە.[30]

_ فەرماندەیەکی کەتیبەکانی “سەییدولشوهەدا” بە ناوی “عەباس زەیدی” هەڕەشەی ئەوەی کردووە لەگەڵ هاتنی زستاندا “هێزەکانی موقاوەمە” بەنیازن “نەوت بەرامبەر ئاشتی” ڕابگەیەنن و ڕێگە لە هەناردەی نەوت بگرن لە سەرجەم ناوچەکە، ئەویش لە ڕێگەی مووشەکبارانکردنی ئەو بەندەرانەی کە نەوتی لێوە دەچێت بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا.[31] یەکێك لە زەرەرمەندەکانی ئەم هەنگاوەیش عێراق خۆیەتی، چونکە ئابووری و داهاتەکەی لەسەر فرۆشتنی نەوت بنەڕەتە و، بوودجەکەی بەرگەی هیچ ڕاگرتنێکی هەناردەی نەوت ناگرێت.

_ حکوومەتی سوودانی دان بەوەدا دەنێت کە کۆنترۆڵی تەواوەتیی بەسەر پەرچەکرداری هێزە چەکدارەکان نییە و ئەو هێزانەی تر کە لە سۆنگەی ئایینی یان مرۆییەوە دەیانەوێت پەرچەکاریان هەبێت بۆ لوبنان، بەپێی خەمڵاندنی حکوومەت ئەو هێزانە هێشتا جموجۆڵیان لە سنووری 40_50%ی توانایاندایە و دەشێت زیاتری بکەن[32]، بەتایبەت کە ئێران لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی لەوە ئاگادار کردووە کە لە هەموو لایەکی ناوچەکەوە بەرەی جەنگ گەرم دەکات؛ ئەمە ئەگەر هات و ئیسرائیل هێرشی توند بکاتەوە سەر تاران[33].

_ لە پاش بەیاننامەی سیستانی بۆ پاڵپشتیی مرۆیی و سیاسیی لوبنان، هەندێك لە مەرجەعە ئایینییەکانی نەجەف فەتوای ئەوەیان داوە کە پاڵپشتیی لوبنان ئەرکێکی ئایینی (واجب)ە [34]. ئەمەیش دەرگە دەکاتەوە بۆ ئەگەری دەرچوونی فەتوای “جیهادی کیفائی” بۆ پاڵپشتیی “حزبوڵڵا” لە دژی ئیسرائیل، هاوشێوەی بەرەنگاربوونەوەی داعش لە 2015، بەتایبەت ئەگەر ئیسرائیل بەتەواوی هاتە ناو خاکی باشووری لوبنان. بەڵام گرەو لەسەر ئەوەیە مەرجەعییەتی نەجەف وەها ناسراوە کە پابەندە بە سنووری نیشتمانیی عێراق و، ڕێی تێ ناچێت هاوشێوەی قوتابخانەی ئێرانی سنوورەکان بۆ هاندانی بەشداریی سەربازی ببەزێنێت. ئەوەیشی لە سیستانییەوە بەفەرمی دەرچووە، زیاتر پاڵپشتیی مرۆییە و دەڵێت “جیهان داوای لێ کراوە کە هانی ڕێگریکردن لە بەردەوامبوونی ئەم دەستدرێژییە ئاشکرایە بدات”؛ هەروەها داوای پشتیوانی لە “گەلی ستەملێکراوی لوبنان” دەکات لەگەڵ هەوڵدان بۆ “دەستەبەرکردنی پێداویستییە مرۆییەکانی لێقەوماوان،

لەوانەش: بریندارەکان و ئاوارەکان و ئەوانەی دیکە[35].”

_ گرووپە چەکدارەکان نایشارنەوە لە گفتوگۆی بەردەوامدان لەبارەی چۆنێتیی یارمەتیدانی لوبنان و غەززە بەرامبەر ئیسرائیل لە سۆنگەی پێویستیی بەردەوامی “یەکێتیی گۆڕەپانەکان” کە لە سەرەتای جەنگی غەززەدا لە میحوەری ئێرانییەوە ڕاگەیەنرا و “حەسەن نەسروڵڵا” لە وتارەکانیدا جەختی لێ دەکردەوە[36]. ئەگەر ئیسرائیل وەڵامی مووشەکەکانی ئێرانیش بداتەوە- کە بەپێی زانیارییە دزەپێکراوەکان بژاردەکانی وەڵامدانەوە لەسەر مێزی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیلە- لەوانەیش بەئامانجگرتنی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران[37]، ئەوکات ئەگەری تێوەگلانی گرووپە چەکدارەکان زیاتر دەبێت و دەرفەتی خۆلادان کەمترە.

**مەترسییەکانی سەر هەرێمی کوردستان**

“حەسەن نەسروڵڵا” لە چوارچێوەی پابەندیی بە سیاسەتی گشتیی “بەرەی موقاوەمە” و سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان، چەند جارێك دژی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لێدوانی داوە، بەتایبەت لە ڕیفراندۆمدا (2017) کوردستانی بە “ئیسرائیلی دووەم” چوواند[38]، بەڵام کوژرانی ناوبراو لەم دۆخەدا و بۆشاییەکەی، دەشێت لێکەوتەی نەرێنییان لەسەر هەرێمی کوردستان هەبێت و دەکرێت ئەمانە دیاترینیان بن:

_ هەر هێرشێکی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە نەوتی و ئابوورییەکانی عێراق، یان تێکچوونی ڕەوشی ناوەند بەهۆی سەختیی ڕاگرتنی باڵانس، لێکەوتەی دارایی و تەناهیی لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت. زانیارییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن عێراق نزیك بۆتەوە لەوەی کە بکەوێتە بەر هێرشی ئیسرائیلییەکان و بە هەوڵی ئەملاولا بە شێوەی کاتی ڕاگیراوە[39].

_ لە تاران میدیای فەرمی، بانگەواز بۆ بەئامانجگرتنی “بنکە و بەرژەوەندییە ئیسرائیلییەکان” لە ناوچەکە دەکات. لەم نێوەیشدا ڕۆژنامەیماڵی ڕێبەری ئێران (کەیهان) هەڕەشەی ئەوەی کردووە، “دەبێت تێچووی دۆستایەتیی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست قورس و گران بێت، بەتایبەت لە وڵاتانی لاوازی چواردەوری ئێران.[40]” بەهۆی ئەوەیشی ئەم بانگەشانە هەمان ئەو بانگەشانەن پێشتر بۆ بەئامانجگرتنی هەولێر بەکار هێنراون، هەڵوێستەکردن و چاودێریکردن دەخوازن بۆ بەرگرتن لە ئەگەری دووبارەبوونەوەیان.

_ هەندێك ڕاپۆرتی میدیایی ئەمریکی، هەرێمی کوردستان دەخەنە دەرەوەی ئەو ناوچانەی کە دەشێت ئیسرائیل بیکاتە ئامانج، بەو پێیەی بەشێك نییە لە “بەرەی مقاوەمە”[41]، بەڵام ئەمە بە دیوەکەی تردا جێگەی مەترسییە کە گرووپە چەکدارەکان بنکە و بارەگاکانی هاوپەیمانان بکەنە ئامانج یان بگەڕێنەوە بۆ ئەو دۆخەکەی کە هێرشکردنە سەر پایەتەختی هەرێمیان بە هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل لە قەڵەم دەدا.

_ ئەگەرێکی تر کە لە میدیای ئێرانیدا ئاماژەی پێ کراوە، گرنگیی بەکارهێنانی درۆن و چەکە مامناوەندەکانی ئێرانە بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران و ئاراستەکردنی چەکە بالیستییەکانە بۆ ئیسرائیل[42]. بەو پێیەیشی بارەگای ئەو هێزە ئۆپۆزیسیۆنانە لە هەرێمی کوردستاندان، دەشێت لە چوارچێوەی سیاسەتی تێکەڵکردنی کارتەکاندا بکرێنە ئامانج. ئەمەیش هەرچەندە لە ئێستادا تا ڕادەیەك دوورە، بەڵام وەك ئەگەرێك هەر جێگەی تێڕامانە.

ـ هەرێمی کوردستان لە ئێستادا لە دۆخی لێکترازان و دابەشبوون و کێبرکێ و هەڵمەتی هەڵبژاردندایە. لەم کاتەیشدا لەگەڵ گرژییە هەرێمایەتییەکانی پەیوەست بە کوشتنی "حەسەن نەسروڵلا" یەخانگیر بووە. ئەمەیش دەرفەتی کاری پێکەوەیی و هەماهەنگی بۆ بەرەنگاربوونەوەی لێکەوتەکان لاوازتر دەکات.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**


[1] https://2h.ae/pUmS

[2] https://2h.ae/YwRm

[3] https://2h.ae/hlca

[4] https://2h.ae/bagY

[5] https://2h.ae/OQpa

[6] https://2h.ae/pUmS

[7] https://2h.ae/OQpa

[8] https://2h.ae/pUmS

[9] https://2h.ae/wefM

[10] https://2h.ae/KewF

[11] https://2h.ae/ZARS

[12] https://2h.ae/RYqq

[13] https://2h.ae/VzVf

[14] https://2h.ae/njrl

[15] https://2h.ae/hlYS

[16] https://2h.ae/okYp

[17] https://2h.ae/ujiu

[18] https://2h.ae/omIu

[19] https://2h.ae/dQoW

https://2h.ae/wAUB [20]

https://2h.ae/KsBO [21]

https://2h.ae/iTQu [22]

https://2h.ae/SHQL [23]

https://2h.ae/xedq [24]

https://2h.ae/MCbx [25]

https://2h.ae/qQqG [26]

https://2h.ae/EvcG [27]

https://2h.ae/Jwaq [28]

https://2h.ae/TdML [29]

https://2h.ae/fOAc [30]

https://2h.ae/HFTi [31]

https://2h.ae/fOAc [32]

https://2h.ae/EvcG [33]

https://2h.ae/oWaX [34]

https://2h.ae/Snlk [35]

https://2h.ae/smVe [36]

https://2h.ae/Ohfw [37]

https://2h.ae/xsPa [38]

https://2h.ae/EvcG [39]

https://2h.ae/qOmR [40]

https://2h.ae/IUmL [41]

https://2h.ae/JqoQ [42]